سەرۆکی لوبنان بانگهێشتی فەرمی بە بەشداریکردن لە لوتکەی عەرەبی لە بەغدا پێگەیشت

جەزف عەون سەرۆک کۆماری لوبنان ئەمڕۆ هەینی پەیامێکی نووسراوی لە عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کۆماری عێراقەوە بەدەستی ئەحمەد فەکاک بەدرانی وەزیری ڕەشنبیریەوە پێگەیشت.

بەگوێرەی بەیاننامەیەک کە دەستی موتەبع کۆتووە، لە نامەکەدا بانگهێشتی فەرمی بە بەشداریکردن لە 34ەمین دانیشتنی ئاسایی لوتکەی عەرەبی و پێنجەمین دانیشتنی لوتکەی گەشەپەدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی عەرەبی لەخۆگرتبوو، کە ڕۆژی شەممە 17ی ئایار لەلایەن بەغدا (دارالسەلام)ەوە میوانداری دەکرێت.

لە نامەکەدا هاتووە: "ئەمە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە چاوەڕێی ئەوە دەکەین ئەم دوو لوتکەیە بەشداربن لە بەهێزکردنی کردەوەی هاوبەشی عەرەبی و بەدیهێنانی هیوای گەلانی عەرەب لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئاڵنگاریی و هەڵومەرجەی کە ڕووبەڕووی وڵاتەکانمان دەبێتەوە. بەشداری بەڕێزتان کاریگەریەکی قووڵی دەبێت لەسەر گەیشتن بە پێشکەوتنی بەرجەستە لەسەر ڕێبازی هاوکاری عەرەبی و گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان، بە شێوەیەک کە بەرژەوەندی گەلی عەرەب بپارێزێت و". ئاواتەکانیان بە ژیانێکی ئارام و خۆشگوزەران بەدی دەهێنێت".

لای خۆیەوە عەون سوپاسی بەدرانی کرد بە سەردانەکەی و سەاوی خۆی گەیاند ڕەشید و سودانی و جەختی لە

"بەهێزی پێیوەندییەکانی لوبنان و عێراق و خواستی هاوبەش بۆ بەهێزکردنیان لە هەموو بوارەکاندا کردەوە".

بەدرانی بە یاوەری بەرپرسی کاروباری باڵیۆزخانەی عێراق لە لوبنان، خاتوو نەدا کەریم مەجول و محەمەد فاریس لە ستافی مەراسیمی باڵیۆزخانەکە بوو.